# عەشیرەتی میراودەلی کواهەڵوێستتان بەرامبەر تاوانی محمودی بابەکرئاغا؟؟

## ئالان ئارانی –سلیمانی

کوشتنی بێ ڕەحمانەی (بەناز )لەلایەن باوکیەوە سەدایەکی گەورەی –دوعا-ئاسای خولقاند لەنێوەندی کۆمەلایەتی وراگەیاندا،ڕاتەکاندنێکی مێژوویی بوو،بورکان ولەرزەو تریشقەیەکی ناوەختی خوێناوی بوو...ئەی نوسەرانی ناوەو دەرەوەی ولات ..ئەی ئازادی خوازانی چوارپارچەی کودستان..ئەی هەموو ئەو گرووپ وکەسانەی بۆهەموو ڕووداوێك هەلۆێستتان هەیەو دەنگتان هەیە ..ڕەنگتان هەیە ،کوا هەلۆێستتان؟؟کوانوسینەکانتان؟؟چاومان لێتانە خۆتان بێ دەنگ مەکەن ،هەموو خەلك پێ ی وایە بەرنامە وچۆنیەتی کوشتنی –بەناز-هەرگیزاوهەرگیز کەس لەگەل کەسی نەکردووە!!تەنها دلی بەرد ..چرنووکی دڕندە..کارەساتی بێ ئامان ئەوەی کردووە!!تکا دەکەین باکوشتنی بەناز وەك کوشتنی –سەروەت-ی خوارزای محمودی بابکرئاغا نەبێت ،کە بەبێ دەنگی لەپشدەر کوشتیان وسێ مندالی چاو گەش ئێستا سەرگەردانن و محمودی ژنکوژ لێ ی بەرپرسیار بوو، ،نە بەیاننامەیەك ،نە ئیدانەیەك لەسەر کارەساتی ئەو کاتەی –سەروەت- دەر نەچوو ،ئەگەر ئەو کاتە هەلۆێستێك هەبا ،ئەمڕۆ محمودی بابەکر ئاغا نەی ئەوێرا ئەو تاوانە ئەنجام با،واتا پاشماوەی بێ هەلۆێستی ئەو کاتەیە،کەواتە ئەمجارە با وەك جارەکەی تری لێ نەیەت ، سوپاسی ئەوانەئەکەین کە لەلەندەن ڕۆلی نەبەردانەیاندی لەتۆمار کردن و وەرگێڕان وبلاوکردنەوەی ئەم کارەساتەو دەستان خۆش بێ، ئێستا قۆناغی هەلۆێستەکان ئاستێکی تری پێویست ،زیندانی کردنی تاوانبار بەتەنها بەس نیە،پێویستە ئیدانەکە بەشێوەیەك بێت ،بنەمالەی محمودئاغا (وەك ئێستا شانازی نەکەن بەکوشتنی بەناز کەلەسەر شەرەف کوشتویانە)،هاوکات کوشتنی بەناز و پارچەپارچەکردنی و لەجانتا خستنی ،کەمتر نیە لەکوشتنی –دوعا-،دوعاش شەهیدی ڕێگای ئازادی ستاندن وهەنگاوی بەکردار بوو..بەنازیش شەهیدی شکاندنی کۆت وبەندی خێلەکی داڕازوی داب و نەریت بوو..کاتێك دوعاشەهید بوو ،میری یەزیدیان –میر تەحسین- نەفرەتی لەکوشتن وشێوەکی کوشتنەکەی کردو ئیدانەی کرد،کەواتە لەم ساتەداپێویستەو(زیاتریش لەپێویست) کە عەشیرەتی میراودەلی پشدەر(کەخۆیان بەتیرەو عەشیرەتێك دەزانن لەناوچەکە) بەزوترین کات کۆببنەوەو ،هەلۆێستی خۆیان ئاشکرا بکەن وهاوشێوەی میر تەحسین ئیدانەی بکەن و،چیتر درێژە بەو بێ دەنگیە ترسناکە نەدەن و،نەفرەت لەکرداری تاوانبار (محمود بابەکر ئاغا )بکەن کە هەموو کورد پێوەی شەرمەزارە !!وەك چۆن لەکاتی سەروەت کوشتندا بێ هەلۆێست بوون،بالەم ساتە مێژووییە خۆیان لەکەدار نەکەن (لەکاتێکدا هەرگیز بنەمالەی محمودی بابەکرئاغا خۆیان لەسەر میراودەلی عەیبدار نەکردووەو ، میراودەلیەکان هەقەئیدانەی ژنکوژی بکەن!) ئێستا تۆپەکە لەگۆڕەپانی میراودەلیەکاندایەو هەقە هەر نەبێ بەیاننامەیەك بدەنە ڕاگەیاندنەکان وبەرپرسیارێتی مێژوویی لەسەر شانی خۆیان لابەن!چەنکە ئەگەر میراودەلیەکان ئەو هەلۆێستە نەنوێنن ،پاش چەند مانگێکی تر براکانی تاوانبار محمودی بابەکر ئاغا جارێکی تر دێنەوە پشدەرو ،بەحوکمی دەولەمەندی وسامانەکەیان لافی شانازی بەسەر خزمەکانیاندا لێدەدەن و،هەر ئەو کاتە (ئەو شەرمەزاریەی ئێستا) بەهەلۆێستێکی شەرەفمەندانە لەقەلەم ئەدەن ...چونکە دوای کوشتنی –سەروەت-جارێکی تر براکان لەلەندەن هاتنەوەو پارەی زۆریان بەسەر خزمەکانیاندا دابەشکرد ،بۆ ئەوەی عەیبداریەکانیان بشارنەوە!!

هەر لەم دەروازەوەڕوو ئەکەمە ڕیکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان و پەرلەمان وحکومەت و وەزیری کاروباری ژنان و تۆش ئەی وەزیری مافی مرۆڤ ،بزانن توخوا چیتان کردووە بۆ-بەناز-ی جوانە مەرگ ؟؟ کوا هەلۆێستتان کوا ئیدانەتان؟؟ کوانادرنی لیژنەو کۆبونەوە لەگەل میراودەلیەکان وداواکردنی هەلۆێست لێ یان؟؟خەلك هەلۆێستی کرداری ئەوێ لێتان..تکایە چاوەڕێین..چاوەڕێین!!